# پەرلەمانی باشووری کوردستان نوێنەرایەتی نیوەی دانیشتوانی ناکات

**هشام ئاکرەیی**

کاتێ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی 1992 لە باشووری کوردستان بەڕێوەبران، کۆمەڵێ خاڵ لە بەرچاو نەگیران و ئەو پەرلەمانە لە سەر واقعێکی سەپێنراو دامەزدا. ئێستا بە گوێرەی پیوانەکانی دیموکراسی و بەتایبەت لە دوای ئازاد بوونی هەموو باشووری کوردستان لە دەست ڕژێمی سەددام، ئەو پەرلەمانە شەرعیەتی یاسایی بۆی نەماوە و دەبێ نوێنەرانی هەموو گەلی باشووری کوردستان بەشداربن لە دارشتنی یاسا و پرنسیپەکانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەو پەرلەمانە. بۆ نموونە:

» نزیکەی سێکیەکی خاکی باشووری کوردستان لە ژێر دەستی ڕژێمی بەغدا بۆ. دانیشتوانی ئەو شارانە وەک کەرکووک، ناوچەی موسڵ و شاروشاروجکەکانی تری سەر بە پارێزگاکانی (دیالا) و تکریت، نەیانتوانی بەشداربن لەو هەڵبژاردنانەدا و دەنگی خۆیان بدەن. هەر ئەندامێکی پەرلەمان سەر بەو هەرێمەبت، لە لای جەماوەری ئەو شارانەوە هەڵنەبژێردراون. بۆیە نوێنەرایەتی دانیشتوانی کوردی ئەو شارانە لە ناو پەرلەماندا جێگایان بۆ نەکراوە. واتە نزەکەی 2 مەلیون کەسی دانیشتووی ئەو ناوچەیە، دەنگی نەداوە بۆ ئەو پەرلەمانە و نوێنەری نیە.

» بە گوێرەی یاسایەکی بەرەی کوردستانی ئەو کاتە کە زیاتر بڕیارێکی هەردوو زلپارتەکە بۆ، ڕێژەی 7 % یان دانا بۆ بەشداربوون لە پەرلەمان. هەر وەها ڕێژی بەشداربوانی دەنگدانەکە 100% نەبوو. بەم شێوەیە لێرەشدا زیاد لە یەک مەلیون کورد دەنگی نەداوە بۆ ئەو پەرلەمانە و نوێنەری نیە.

» هاوڵاتیانی کوردی دەرەی وڵات هیچ بوارێکیان پێ نەدرا تاوەکوو بەشداربن لەو هەڵبژاردنەدا کە ژمارەیان لە وانەیە لە نیو مەلیون کەس زیاتر بێت. ئەگەر کوردانی دەرەی وڵات ئیستا لە ناو پەرلەماندا هەبن ئەوە، ئەوان نوێنەری کوردانی دەرەوەی وڵات نین، چونکە دەبێ هاوڵاتیانی کوردی دەرەوەی وڵات دەنگ بۆیان بدەن و مافی خۆیان بەکاربێنن.

ئەگەر ژمارەی کوردی نەبەشدار لە دەنگدانی ساڵی 1992 دا بیژمێرین دەبێتە سەرووی 3. 5 سێ مەلیون و نیو کەس. ئەگەر تەنیا ژمارەی دانیشتوانی کوردی باشووری کوردستان 7 مەلیون کەس بێت، ئەوە نیوەی خەڵکی باشووری کوردسان نوێنەری نیە لە پەرلەماندا. ئەوە جگە لە تێپەڕبوونی زیاد لە 10 ساڵ بە سەر دامەزراندنی ئەو پەرلەمانە. بەگوێرەی یاسای خودی ئەو پەرلەمانە شەرعیەتی یاسایی بۆی نەماوە.

بۆیە ئیستا ئەگەر ئەو پەرلەمانە بیەوێت خولێکی تری هەڵبژاردن بەڕێوە ببات، دەبێ نوێنەرانی هەموو گەلی باشووری کوردستان بەشداربن لە ئامادەکاریەکان و دارشتنی یاساکانی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان. هەروەها دەبێ هەموو ئەو خاڵانەی سەرەو ڕەجاو بکرێن و نابێ فەرامووش بکرێن و بە ڕێکەوتنی دوو قۆڵی نێوان پارتی ویەکێتی هەموو شتێک بیبڕنەوە.

ئەگەر نیازە پەرلەمانی داهاتووی باشووری کوردستان بەهەمان شێوەی ساڵی 1992 بێت، و تەنیا نوێنەرایەنی سێ پارێزگا بگات (سلێمانی، هەولێر، دهۆک) نەگ هەموو باشووری کوردستان، ئەو کاتەش ئەو پەرلەمانە بۆی نیە بڕیار لە سەر یاساکانی هەڵبژاردن بدات.

دەبێ جەماوەری گشت باشووری کوردستان و لایەنە کوردستانیەکانی تر و نوێنەرانی هەندەرانی باشووری کوردستان بەشدار بن لە پرۆسەی ئامادەکاری و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی "ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق" ونابێ بەهیچ شێوەیەک مافی بەشەکانی بەشدارنەبوو لە پەرلەمان فت بکرێت.

ئەگەر بە ڕێکەوتنی دووقۆڵی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 فت کرابن لە لایەن هەردوو زلپارتەوە و بە کۆمەڵێ بیانۆی دروستکراو لە لایەن خودی هەردوو پارتەکەوە ڕێگایان نەدابێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکرێن، دەبێ ئێستا چەماوەر دەنگی هەبێ و هەموان بەشدار بن لەو پرۆسەیەدا.

دیارە پارتە کوردستانیەکان و دەسەڵاتی باشووری کوردستان دەیانەوێت دەسەڵاتی پەرلەمان و حوکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەر هەموو خاکی باشووری کوردستاندا، بسەپێنن. ئەم حەز و ڤیانە کردەوەی پێویستە. یەکێ لەو کردەوانە دەبێ هەر لەئێستاوە پەرلەمان بەرفراوان بکرێت و نوێنەرانی ئەو هەرێمانەی تا وەکوو دوێنی ژێر دەسەڵاتی سەددام، جێگایان بۆ تەرخان بکرێت لە ناو پەرلەماندا. ئەمەش بڕیارێکی بوێرانە و دادوەرانەی پێویستە.

وەک چوون ئەنجوومەنی حوکوم لە عێراق بە بڕیاری ئەمریکا و لایەنە عێراقیەکان دروستکرا و خەریکە بەرفراوان دەکرێت، دەبێ پەرلەمانیش بەو شێوەیە بەرفراوان بکرێت یان دەزگایەکی کاتی دروست بکرێت بە مەبەستی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی لە باشووری کوردستان.

دەبێ ئەزموونی ئەنجوومەنی حوکومڕانی کاتی عێراق وەک نموونەیەک لە بەرچاو بگیرێت بۆ باشووری کوردستانیش و زلپارتەکانی باشووری کوردستان سوودی لێ وەرگرن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پارتە بچووکەکانی باشووری کوردستان و خۆیان هەوڵ بدەن پەرلەمانێک دروست بکەن نوێنەرایەکی هەموو باشووری کوردستان بکات. وەک چۆن بەڕێز بارزانی لە چەندین بۆنە و بوار و چاوپێکەوتنیدا وتوویەتی "ئەنجوومەنی حوکومڕانی لە عێراق نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی عێراق ناکات" بەهەمان شێوە دان بە ڕاستی پەرلەمانی باشووری کوردستانیشدا بنرێت.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ڕاستگۆبن لە گەڵ نەتەوەکانی تری عێراق، دەبێ ڕاستگۆتربن لە گەڵ گەلی باشووری کوردستان. ئەگەر بەڕێز تاڵەبانی داوای بەشداربوونی عەشیرەتی جبور و هەندێ پارتی تری نەتەوەیی عەرەب بکات لە ئەنجوومەنی حوکمی عێراقدا، دەبێ بەهەمان شێوە سووربێت لە سەر بەشداربوونی پارتەکانی تری کوردستان و کەسایەتیە سەربەخۆیەکان لە دەزگای بڕیاری باشووری کوردستاندا و بۆ ئەو مەبەستە دەبێ هەنگاو بنرێن و میدیای کوردی ئاگاداربکرێنەوە. کاتی ڕێکەوتنەکانی دووقۆڵی و نهێنی بەسەرچوو و هەڵبژاردنەکان لەبەر دەمی جەماوەرن و کردوەی هەر پارتێک دەبێتە پێوانێکی سەرەکی بۆ دەنگدان و دەنگ وەرگرتن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.